زنجیرەی هاوەلانی پێغەمبەر

(١٠)

بەرائی کوری مالیک

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

حبیب محمد سعید

منتدى إقرأ الثقافي

زنجیرەی هاوەڵانی پێغەمبەر

(٩)

بەرائی کوڕی مالیک

حبیب محمد سعید

مطبعة الارشـــاد ـ بغداد

بسم الله الرحمن الرحيم

ئازیزەکانم ، ئەی هاوەڵە شیرینەکانی پێغەمبەری خوا ..
سەلامێکی گەرم و گوڕتان پێشکەش ئەکەم ..

کاتێ کە چمکێ لە ژیانی هەرکامتان شارەزا ئەبم ، زیاتر گەورەیی ئیسلامم بۆ دەرئەکەوێ ، کەوا ئێوەی مەرد و قارەمانی پەروەردە کردووە .. بۆیە شانازیی پێوە ئەکەم - بە پێی توانا - ژیانتان پێشکەش بکەم بە موسڵمانان ، تا بەشکوم - بە کۆمەکیی خوا - بتوانن موسڵمان و نەفام جیا بکەنەوە و ئیتر با چاوبەست کردن بەسی بێت ..

پێشکەش

پێشکەش بێت :

● بە سەربازە کۆڵنەدەرەکانی قورئانی پیرۆز ..

● بە هەڵگرانی مەشخەڵی ئازادیی ئیسلامی بێگەرد لە هەموو کات و شوێنێکا ..

● بەوانەی کە خەمخۆری مرۆڤایەتین و هەوڵی بەرەو ژیانی ئادەمیی راستەقینەی بۆ ئەدەن ..

● بەو موسڵمانانەی کە بە وێنەی پزیشکی دڵسۆز دەرمانی دەردەکانی مرۆڤایەتیی ئەکەن ..

پێشەکی

الحمد لله رب العالمين ، الصلاة والسلام على رسول الله وعلى آله وصحبه أجمعين ..

هەموو بیروباوەڕێك پێویستی بە ئەندامی لێهاتـووی چاونەترس هەیە ، تا شوێنی کەوێ و گیانی بۆ بکاتە قەڵغان.. بەڵام ئیسلام زیاتر .. چونکە ئیسـلام تاکـە بیروبـاوەڕی ڕاست و ڕەوانە لە جیهاندا .. تەنها ئیسلام پاك و بێگەردە ، ئەویش لە بـەر ئـەوەی کـە نەخشـــە و دەستکـــردی پەروەردگارە .. ئینجا وەك شوێنکەوتووی بەغیرەت و ئازای پێویستە ، مەرجیش ئەوەیە ئەو شوێنکەوتووانەی ڕەوشـت پاك بن .. ئەندام پاك بن .. مەبەست پیـرۆز بن .. جـا ئەگەر بیروباوەڕەکانی تر لە هەموو مرۆڤێ کەڵك وەرگرن ، ئیسلام وانییە .. ئیسلام ئایینی خوایە ، خواش پاکە و لـــە

بالك بەولاوە هیچی تر وەرناگرێ ..

وە ئەگەر بیروباوەڕەکانی تر مەبەستی مرۆڤ لێك نەدەنەوە لە شوێنکەوتنیان ، ئیسلام ئەندامەکانی پەروەردە ئەکا لە سەر دوور کەوتنەوە لە بەرژەوەندیی تایبەتیی ، وە هەڵیان ئەنێ لەسەر خەمخواردن و بە تەنگەوە بوونی ئادەمی یەکان ، تا کۆمەڵێکی نایابی چاکویست بێنێتە کایەوە .

ئیسلام مرۆڤ پەروەردە دەکات تا خۆشویستن و خۆشنەویستنی لە بەر ڕەزامەندیی خوابێت .. وە پەروەردەی دەکات تا بەهەشت بکاتە ئامانجی هەوڵ و کۆششەکانی ، نەك کورسیی و پایە و پلەو دەست کەوتە پووچەڵەکانی ئەم ژیانە ، بەپێچەوانەی نەفامەکانەوە کە شوێنکەوتووەکانیان بە بەڵێنی لووس و ساختە دەست خەڕۆ ئەکەن ، تا کاردکەیان بێ ئەنجام ئەدەن ، ئەوسا لە کۆڵی خۆیانیان ئەکەنەوە و خزمەتکاری لەوان خراپتر ئەخەنە شوێنەکەیانەوە .. بەڵام ئیسلام .. بەڵام ئیسلامی پەروەردگار ، یەك بەڵێن بە مرۆڤەکان دەدات .. تەنها بەڵێنی بەهەشت .. بۆیە هەرچی

ئەوانەی کە بەراستیی شوێنی ئەکەون بە تەمای هیچی تـــر نین جگە لەوەی کە لە پێناویا سەر بنێنەوە و بە بەهەشـــتی بـەرین شاد ببن ، هـەتا کاربەدەسـتیی و هـەڵسووڕاندنی کاروباری موسڵمانان بەلایـــانەوە کارێکی گران و پـــڕ مەترسییە و بە هەموو شێوەیەك خۆیانی لێ لا دەدەن •

بۆیە ئامانجی بەرو دوایان هاتۆتە سەر رازیی کردنـی خوا ، ئەویش بە هەوڵدان بۆ رێگا خۆشـــکردن بۆ بانگی ئیسلام تا مرۆڤەکان بێ ترس بیبیستن و لە تاریکیی رزگاریان ببێت و بێنە ژێر ئالای قورئانی پیرۆزەوە ••

بە پشتیوانیی خوا نیاز وایە لە نامیلکەی ئـەمجارەماندا جیهادی هاوەڵێکی تری پێغەمبەری خوا ـ صلی الله علیـــه وسلم ـ بخەینە بەردەستی خوشك و برا موسـڵمانەکانمان ، تا تیشکێ بخاتە سەر راستیی جیهادی ئیسلامیی و مەبەست و نیـــازی موسـڵمانی ڕاسـتەقینە ، بەڵکـو بیکاتە هـــۆی تێگەیشتنمان لە هەوڵ و کۆششی موسـڵمانە پێشینەکان بـــۆ بڵاوکردنەوەی ئیسلام بە رۆژهـــەڵات و رۆژئاوادا • وە تێبگەین ئەو بەرێزە تێکۆشـەرانە ، جگە لـە ماندوێتیی و

برسێتیی و تینوێتیی و سەرماو گەرما هیچی تریان بۆ خۆیان بە دەست نەهێناوە لەم ژیانەدا ..

خوایش کۆمەك بێت تا دڵمان ڕاگرێ لە سەر ئایینە شیرینەکەی و بریقەی ساختەی ژیانی سەرزەویی لامان پێ نەداو دڕك و داڵ و مارە تۆپیوەی سەرەڕێگا نەمان ترسێنێ و ڕەزامەندیی خوامان لەیاد نەباتەوە و تەنها مەبەستمان ئەوبێ و بەس .

نووسەر
کانوونی یەکەمی/ ١٩٨١
صەفەری/ ١٤٠٢

ئیسلام سەرچاوەی هێزا

کۆمەڵی ئیمانداری مەدینە لە خۆشیی و کامەرانییـــدا ئەژیـا •• موهاجیرەکان لە ستەم و جەوری نەفامان رزگاریان بووە و برا ئەنصارەکانیشیان بە هاتنی میوانی خۆشەویست و ئازیز ، وا ئەزانن گـەنج و جـەواهێری ســــەرزەویان پێ بەخشراوە ••

ژیانیان بە کامەرانییەوە لە سایەی قورئاندا ئەدایە سەر •• لە باخچەی قورئاندا خەریکی گەشت و گوزار بوون••خەریکی بۆنکردنی گوڵ و تامکردنی بەری بە لەزەتی نەمامەکانــی باخچەی قورئان بوون •• پێغەمبەری ئازیزیش ـ صلی الله علیه وسلم ـ دریغی نەئەکرد لە ئامۆژگاریی کردنیان تا بـە چاکترین شێوە لە قورئان بگەن ••

بەڕائی کوڕی مالیکیش یەکێ بوو لە ئەندامانی کۆمەڵی چاکویست ، تا ئەمیش لە سەرچاوەی بێگەردی ئیسلامەوە خۆی و دڵ و دەروونی پاك بکاتەوە تا وەها پەروەردە بکرێت سەروماڵی بکاتە قوربانیی و پێشکەشی بکا بە ئیسلام •• تا مرۆڤایەتیی ماف خوراو پشوویەك بدا ••

ئیسلام رووناکییەك بوو بەرێی مرۆڤایەتیی رۆشن کردەوە ، تاچاك لە خراپ جیا بکاتەوە و ژیانی لە سەر چاکەویستیی داڕێژێ ••

بەڕائیش خێر و بیری ئیسلامی ڕژا بە سەرا ، تا ژیریی و ئازایەتیی و لێهاتنەکانی بۆ بەرزەوەندیی ئادەمییە چەوساوەکان بە کاربێنێ ••

هەرچەندە بەڕاء بە لاشە بچووك و لاواز بوو ، بەڵام ئازایەتیی و لێهاتنی لە سنوور دەرچوو بوو ، تەنها لە زۆرانبازیدا (١٠٠) صەد پاڵەوانی خوانەناسی کوشتووە ، ئیتر جگە لەوانەی کە لە جەنگەکاندا بە هاوبەشیی کوشتوونی ••

چاونەترسیی و بێ باکیی و خۆنەویستییشی گەیشتبووە رادەیەك عومەری كوڕی خەططاب ـ خوا لێی رازیی بێ ـ ئەینووسی بۆ کاربەدەستەکانی کە سەرکردایەتیی هیچ سوپایەك نەدەنە دەست بەڕاء لە ترسی ئەوەی نەوەکو موسڵمانەکان لەبەر چاونەترسیی و کۆڵنەدانیەوە تووشی وەیەك بکات ..

ئەوە بوو لە ماوەی سیانزە ساڵی مەککەدا پێغەمبەر ـ صلی الله علیه وسلم ـ لەگەڵ هاوەڵەکانیا خەریکی گەیاندنی ئیسلام بوون ، بەڵام ئەو ڕۆژە ئیسلام نەگەیشتبووە ئەو رادەیە هەموو کەسێ بتوانێ شوێنی کەوێ .. تەنها ئەوانە ئەیانتوانی شوێنی کەون کە ئامادەبن خۆیان بخەنە ناو کوورەی ئاگرەوە .. ئەوەی ئامادەی سەروماڵ بەخت کردن نەبووایە نەیئەتووانی لە ئیسلام نزیك ببێتەوە . بەمە :

یەکەم : هەموو ئەندامێکی کۆمەڵی موسڵمان لەو ماوەیەدا لە دڕك و داڵی ڕێگا بە جوانیی شارەزا ئەبوو .

دووەم : موسڵمان بوون لەترسی هێزی ئیسلامیی

نەبوو ، بەڵکو بە وێنەی پەپوولەی شەیدای دەوری مـــۆم ، بێزاری تاریکیی و پیسیی و چەپەڵیی نەفامیی بوو بوو وابـە پەرۆشەوە بڕیاری موسڵمان بوونی خـۆی ئەدا و خـۆی ئەهاویشتە ناو کورەی ئاگرەوە وەیا ناو دەریای بێ پایانەوە بێ ئەوەی سەرەنجام و دوا ڕۆژی خۆی لێك بداتەوە ، ئینجا بە هیچ شێوەیەك خۆبردنە پێشەوە و پاراستنی بەرژەوەندیی و ناوو شۆرەت و پایە و پلە نەئـەهات بـە بیریا ، چونکـــــــە ئەوکاتە هیچێ لەمانە لە سایەی ئیسلاما دەست نەئەکەوت ٠٠

هەتا ماوەیەکی زۆریش موسڵمانەکان لە مـەدینەدا ـ هەرچـەندە ســــەربەستیی خۆیانیان وەرگـــــرتبوو ـ ناوو شۆرەتێکی وەهایان نەبوو ، تا خەڵکیی ، بە تایبەتیی ئەوانەی لە مەدینەوە بوون ، شوێنی ئیسلام بکەون ٠٠

بەڵام دوای رزگار کـــــــردنی مەککە تای تەرازووی موسڵمانەکان لە ناکاوا بە یەکجاریی قورس بوو ٠٠ ماوەیەکی زۆر بوو خەڵکیی چاوەڕوانی ئەنجامی زۆرانبازیی نێـــوان قورەیش و موسڵمانەکان بوون ، بۆیە دوور وەستابوون و

بیریان له شوێنکەوتن نەئەکردەوە ، بەمە دوای رزگار کردنی مەککە و تێکشکانی هێزی ئایینیی و سیاسیی قورەیش بۆ خەڵکیی سەلما کەوا ئیتر هیچ هێزێکی تر توانای بەرگەگرتنی نیە لە بەردەم شاڵاوی هێزی رزگاریی و سەربەستیخوازی ئیسلامیدا ، وە بۆیشیان دەرکەوت کەوا هیچ کات هیچ پیاوخراپێك دەستی نەڕۆیشتووە بە سەر کەعبەدا ـ وەك لەژیانی نزیکی خۆیانا چەند رووداوێکی سەرسووڕهێنەریان بە کەعبەوە دیبوو ـ ٠ جاکە موحەممەدی کوڕی عەبدوڵلا ـ صلی الله علیه وسلم ـ کەعبە کەوتبێتە دەستی و ئەو هەموو بتانەی شکاندبێ و قوڕەیش بە گەورە و بچووکەوە ، دوای دوژمنایەتیەکی دوور و درێژی سەروماڵیی و چەند جەنگێکی خوێناویی شوێنی کەوتبێ ، کەواتە راستەکا و پێغەمبەری خوایە٠٠بەمە شێوەی موسڵمان بوون گۆڕڕا ٠٠ ئەو کەسەی کە لە مەککەدا پاڵی ئەدا بە کۆمەڵی موسڵمانی کەم و کەم هێزەوە بەو شێوەیە موسڵمان ئەبوو کە باسمان کرد ، بەڵام ئەوکەسەی کە دوای رزگار کردنی مەککە پاڵی ئەدا کۆمەڵی موسڵمانی بەهێزو خاوەن

دەسەڵاتەوە بە شێرەیەکی تر بوو ، چونکە تازە دوور راوەستانی هەرهۆزێك لە کۆمەڵی موسڵمانی پەرەسەندووەوە مانای وایە خۆی لە کۆڕ دوور خستۆتەوە.. لەبەر ئەمە هەرهۆزێك هەوڵی ئەدا زووتر نێرراو بنێرێتە مەدینەی پایتەخت و ئامادەیی و موسڵمان بووی خۆی دەربڕێ .

لە ماوەی ساڵو دوو ساڵێکدا خەڵکێکی زۆر موسڵمان بوو .. لەم ماوە کەمەدا توانا نەبوو ئەم هەموو خەڵکە تازە موسڵمان بووە لە فەرمایشتەکانی خواو پێغەمبەر - صلی الله علیه وسلم - ئاگادار بکرێن . ماوەی ئەوە نەبوو بیرو هۆشی ئیسلامیی بە تەواویی بەوانە بگا .. ماوە نەبوو - بە وێنەی موسڵمانە پێشینەکان - وردە وردە و لەسەرخۆ بە پەروەردەی ئیسلامیی دڵ و دەروونیان لە ژەنگ و ژارو نەخۆشییەکانی نەفامیی پاك بکرێتەوە وەئەوانەش کە بەجوانیی لە ئیسلام گەیشتبوون لەو ناوچانەدا زۆر کەم بوون .. ئینجا لەم کاتەدا هەندێ دەروونلاریش کەوتنە تەماعی پایەو پلەو شۆرەتەوە و بیریان لە گەورەیی و دەسەڵات ئەکردەوە ،

وایان بە چاك زانی بانگی پێغەمبەرێتیی بەرز کەنەوە تا بەڵکـو ئەوانیش خەڵکی شوێنیان کەوێ ..

جا تێنە ئەیشتنی زۆربەی هەرە زۆری خـەڵکەکە بـە جوانی لـە ئیسـلام و لـە قورئـان و لـە وەحـی و لـە پێغەمبەرایەتیی ، وە سادەیی و ساویلکەییان بووە هۆیـەکی ئەورە بۆ پەرەسەندنی بانگەدرۆزنەی ئەو ساختەچییانە ..

ئەمە بە موسڵمانەکانی ئەسەلمێنێ کـەوا بانگی ئیسـلامیی پێویستە وەك بانگە نەفامییەکـان بڵاو نەکـەنەوە .. بانگـی ئیسلامیی ـ لەبەر ئەوەی نەخشەی ڕێك و پێکی بێ کـەم و کوڕی پەروەردگارە ـ شێوەی تایبەتیی خۆی هەیە جیاواز لە هەموو بانگێکی نەفامیی دەستکردی مرۆڤ ..

بانگی نەفامیی بە پەلە بڵاو ئەکرێتـەوە .. زۆر بێ و بۆر بێ ، هەر ئەوەندە خەڵکی زۆر پێکەوە بنێن .. بـەڵام بانگی ئیسلامیی ـ وەك ئەو شێوەیەی کە پێغەمبەری خوا بەکاری هێنا ـ لەبەر ئەوەی هیچ هێزێکی سەر زەویی پشـتگیری ناکات پێویستە لەسەر خۆ ئەندامی لێهاتووی بێباك هەڵبژێرێ

تا بەرە بەرە بناغەیەکی پتەویان پێ داڕێژێت و ببنە نموونەی موسڵمانی ڕاستەقینە ..

بەڵام هەرکاتێ لە ماوەی کەمدا خەڵکی زۆر هات بەدەم ئیسلامەوە ، ئەوا بناغەکە توانای نییە بەو پەلە پەلە پێویستیی هەموویان جێ بەجێ بکا .. فریا ناکەوێ بە وردیی پەروەردەی هەموو ئەندامێك بکا ، وەك موسڵمان بوونی زۆربەی دانیشتوانی دوورگەی عەرەبیی لە ساڵی نۆیەمی کۆچیدا ..

کەواتە هەڵگرانی ئیسلام پێویستە بەووردیی سەرنجی ئیسلام بگرن تا لە نەخشە ڕێك و پێکەکەی و لە مێژووی دوورو درێژی کەڵك وەرگرن .

جا یەکێ لەو هۆزانەی کە لە ساڵی نۆیەمی کۆچیدا موسڵمان بوو هۆزی حەنیفە بوو لە یەمامە ئەوا بە جوانیی لە ئیسلام تێ نەگەیشتبوون ، وە سەرگەورەکەیان کە موسەیلەمەی درۆزن بوو کەوتە تەماعی پایە و بلەو شۆرەتەوە تا ویستی بەدرۆ خۆی بکا بە پێغەمبەرو بڵێت وەحیم دێتە سەر ..

هەر لەسەردەمی پێغەمبەری خوادا ـ صلی الله علیە وسلم ـ دەستی کرد بە بڵاو کردنەوەی درۆ و دەلەسەکانی.
هەروا بەردەوام بوو تا پێغەمبەری خۆشەویست ـ صلی الله علیە وسلم ـ لە دنیا کۆچی کرد و بانگی ئیسلامیی و حکوومەتیی ئیسلامیی کۆڕیە تووشی تاقیکردنەوەیەکی گەورە و رەشەبایەکی زۆر بەهێز بوو .. بەڵام کە پێغەمبەری نازدار ـ صلی الله علیە وسلم ـ بە دیداری خوای خۆی شاد بووبێت ، خوای گەورە دەستبەرداری بانگی پیرۆزی نابێت ، وە رەنجی دڵسۆزانەی موسڵمانەکان نادات بە ئاواء بۆ ئەمەش کاروباری دایەدەست پیاوێك کە دوای پێغەمبەر ـ صلی الله علیە وسلم ـ هەر خۆی بێت بتوانێ پاپۆڕی بانگی ئیسلامیی ئەو هەڵوێستە نالەبارەدا ڕزگار بکا ..

هیچ کەس نازانێ خوای گەورە چۆن نەخشە ئەکێشێ، گرنگ ئەوەیە موسڵمانەکان ، بە سەرنجدانیان لە قورئانی پیرۆز و مێژووی بانگەوازی خوا لە سەر زەویدا ، لایان روون بێت ، هەموو هێزێکی خوا ـ کە مەگەر هەر خۆی

هێزو سوپای خۆی بزانێت(١) ـ وا له کارا بـۆ پاراســـتنی بانگەوازەکەی و ئەوانەی کە بە راستیی هەڵگرینی ..

ئەبوبەکری پاڵەوان ـ خوا لێی رازیی بێت ـ بەڵکـو یەکەم پاڵەوان لەدوای پێغەمبەری پێشەوا ـ صلى الله علیـه وســــلم ـ خـاوەنی دەروونێکی زۆر گـەورە بوو ، بـە هەڵگەرانەوەی ئەوموسڵمانە تێنەگەیشتووە دڵ دانەمەزراوەکان لە بانگی خوا ، بە وتەی دەستبڕان و ساختەچییان ، بڕیاری دا بە هەر شێوەیەك بووە کۆتایی بێنێ بە هەر دەســەڵاتێك بیەوێ دژی ئیسلام بووەستێت ..

ئەوانەی کە لە سەر ئیسلام مانەوە تەنها دانیشــتوانی مەککە و مەدینە و طائیف و چەند کۆمەڵێکی تربوون لێـرە و لەوێ .. ئەمانە بە جوانیی بناغەی ئیـسلامیی راسـتەقینەیان دروست کردبوو .. بە جوانیی لێبڕابوون تا بتوانن ئـەرکی سەرشانیان کە بریتیی بوو لە تێکشکاندنی ئەو هێـزانەی دژی ئیسلام ئەوەستان جێ بەجێ بکەن ..

---

(١) « وما یعلم جنود ربك الا هو .. (١) » / المدثر .

موسڵمانە دڵ بەستراوەکـان بە خـواوە لە خەلیفـەی بەهێزو خاوەن ورەوە هێز و پێزیان وەرگرت تا لێهاتنـــە ناوازەکانیان بخەنە کار بۆ تێکشکاندنی ئەو هێـزە جۆربـە جۆرانەی کە چەند قاتی خۆیان بوون و نیازیان لە ناوبردنی ئیســـلام بوو ..

لەشکری ئیسلام ـ جگە لەو لەشکرەی کە ئەبوبەکری خەلیفە ئامادەی کردبوو بۆ پارێزگاریی پایتەخت ـ کرا بـە یانـــزە لـەشـــکرەوەوە بەـــــەرکردایەتی یانزە پاڵەوانی موسڵمان بە هەموو لایەکی دوورگەی عەرەبدا نێررا : هەر لەشکرەی بۆ سەر ناوچەیەکی هەڵگەڕاوە .. تا بگەنـە فریـای موسڵمانە ڕاستەقینەکانی ئـەو ناوچەیە کە لەبەر کەمیان دەسەلاتیان نەبوو دژی دەستبڕەکان بووەستن ، وە تا دەستی ستەمکاران لە بنا ببڕن و بانگە لارو وێرەکانیـان بۆ هەتا هەتا گۆڕ کەن ..

بەڵێ ، ئەگەر کۆمەڵی خـوا دەستی نـە کـارا بێت ، ئەگەرچی کەم و کەم هێز بێت ، بە زووترین کات ئەتوانێ بانگی ساختە و رووکەش گۆڕ بکا .. بەلام ئەگەر وانەبوو ،

واتــە ئــەگەر ئادەمیزادەکــان لــە تــاریکایی بــاوەڕو ڕەوشتەلارەکاندا گەوزانەوە و دەروون و مێشکیان بە وتەی بریسکاوە و بۆش بەنج کرا •• ئەوە هەموو جڕو جانەوەرێك •• هەموو گورگ و بەرازێك •• هەموو ڕێویی و چەقەڵێك خۆی ئەباتە ریزی پیاو چاکان و خەم خۆرانەوە تا لە بــەر چاوی میللەتی داماو خۆی بکاتە پاڵەوانی رزگــار کــەر ئیتر ئەگەرچی ئەو میللەتە بە نیازی خۆی راستیی ویسـت بێت ، هەر بەوەی کە ڕێبازو سەر کردەی راستەقینە لە توولە ڕێگا و دەستبڕەکان جیانەکاتەوە ، هەتا ماوە هیچی بە هیچ نابێت •

مێژوو لە بەر دەستمانا بە بێ لایەن هەموو شتێ دەرئەخا بۆ ئەوانەی بە ویژدانەوە سەرنج بدەن ••

ئەوە بوو ئەو ڕۆژە موسڵمانەکان زۆر مەردانە چوونە مەیدانی لەخوا یاخی بووەکانەوە بۆیە خوای گەورەش لــە سەرکەوتنی هەردوو جیهان بێ بەشی نەکردن •

دەستبڕی ســاختەچیی بەماوەیەکی کــەم ـ بــەدرۆ و دەلەسە ـ لەشکرێکی چل هەزاریی پێکەوە نا ، کە زوربەیان،

به شێوەیەکی رەگەزپەرستیی شوێنی کەوتبوون ، هەتا هی وایان هەبوو ئەیوت :

شایەتیی ئەدەم موسەیلەمە درۆزنە و موحەممەد راستگۆیە ، بەلام مـن درۆزنی رەبیعەم لا خۆشەویستره لە راستگۆی موضەر .

وتەی شوێنکەوتووانی موسەیلەمە ، وتەیەکی دووبارە کراوە و بیرێکی چەسپاوە لە مێشکی هەموو خوانەناسێکدا بە درێژایی مێژوو ..

بۆیە موڵمانەکان پێویستە ئاگاداری بیرو هۆش و مێشکی خوانەناسان بن :

پێویستە سادە نەبن .. دڵ و دەروونی گلاوی خوانەناسان بناسن .. بزانن خوانەناس بە هیچ شێوەیەك راستیی ناوێ .. وێنکەوتەی ئارەزووی شەیتانیی و بەرژەوەندیی تایبەتییە .

پێویستە بزانن بە درێژایی تەمەنی مرۆڤایەتیی هیچ خوانەناسێك بە چاکە هەڵنەساوە .. حەزی لە ئاوەدان

کردنەوەی سەرزەویی نەکردووە •• هەرگیز لە خراپکاریی و خوێن رشتن بەولاوە هیچی تری نەویستووە •• ئەمەش تەنها لە بەر خاتری شەیتانی مامۆستای کە ئاواتی سەر لێ شێواندنی ئادەمیەکانە ••

وە پێویستە بزانن هەرچی بیرو باوەڕێکی کوفرو خوانەناسیی هەیە شوێنکەوتووەکانی - بە وێنەی شوێنکەوتووەکانی موسەیلەمەی درۆزن - زۆر چاك بەلاریی ڕێگاکەیان و راستیی ڕێبازی قورئان ئەزانن ڕەگەز پەرستیی و ئارەزووپەرسیی یەوا پالیان پێوە ئەنێ تا ، لە ئاستی راستیا چاوبنووقێنن و پاگاندەی نەشیاوی دووبارە بووەوەی بۆ بکەن ••(١)

بەلام با موسلمانەکان زۆر چاك لەبەرچاویان بێ ، قسە رەواجیی و بازاڕ گەرمیی ئەو دەستبڕانە ئەگەڕێتەوە بۆ پەرت و بلاویی موسلمانەکان و بێئاگایان لەسەرچاوەی هێزی راستەقینەیان کە بریتییە لە شوێنکەوتنی قورئانی پیرۆز

---

(١) اکذبوا •• اکذبوا •• اکذبوا حتی یصدقکم الناس •

و دەستگرتن بە یاسابەرزەکانیەوە ، ئەگینا لەشکری کافران بەدرێژایی مێژوو کەی توانیویەتی لە بەردەم پلاری لەشکری خوا ناسیدا خۆی بگرێ ..

ئینجا موژدەبێ لە موسڵمانەکان کەوا خوێندەواریی سەدەی بیستەم لە ئەنجاما قازانجی راستەقینەی هەر بۆ موسڵمانەکانە بە مەرجێ چاو بکەنەوە و بە ڕابەریی قورئانی پیرۆز ، چاك و خراپی پێشکەوتنەکەی ئەوروپا جیا بکەنەوە تا ـ بە کۆمەکیی خوا ـ گەلی موسڵمان لە سایەی قورئانی پیرۆزا بحەسێتەوە ..

گلیلی زرگاری

لەشکری خواناس •• لەشکری دڵ بەستراو بە خواوە، بە سەرکردایەتیی عەکرەمەی کوڕی ئەبوجەهل ، وە بە فەرمانی خەلیفە ئەبوبەکر ـ خوا لە هەموویان رازیی بێت ـ لە مەدینەوە بەرەو خاکی یەمامە کەوتە رێ ••

لەشکری عەکرەمەو لەشکری موسەیلەمەی درۆزن دایان لە یەك •• جا هەرچەندە لەشکری موسوڵمانەکان خاوەنی ورە و دەسەڵات بوو ، بەڵام هەر چۆنێ بوو ، لەبەردەم لەشکری پڕهێزی موسەیلەمەدا خۆی نەگرت ، ناچار بوو وازبێنێ و خەلیفەش لەشکرێکی تری بۆنارد ، بە سەرکردایەتیی خالیدی کوڕی وەلید •

لەشکرەکەی خالید بەشێکی زۆر لە موسڵمانە موهاجیر و ئەنصارەکانی لەگەڵا بوو کە یەکێ لەوانە بەڕائی کــوڕی مالیك بوو •

دیســان لە ســەر خاکی یەمامەی ناوچــەی (نەجــد)دا لەشکری خواو لەشکری شـــــەیتان دایانەوە لەیەك • دوای ماوەیەکی کەم دیسان سەرزەویی لەژێر پێی موســڵمانەکانا کەوتەوە لەرزەو لەشکری دڵڕەشی خوانەناس تەنگــی بــە موسڵمانەکان هەڵچنی ••

لەشکرێ ئەنصارو موهاجیرەکانی تیا بێ ، وە خالیدیش سەرکردەبێ ، ئەبێ چ هێزو ورەیەکی ، تیابێ ؟ کــــــەوا خاوەنی ورەیەکی یەکجار بەرزە !

موســــــڵمانەکان مەیدانیـــــان پێ لێژ کرا •• قوتابیانی شەهیدیی بە دەستی لەشکری زۆر و زەبەندەی کافــــرەوە بەگیر هاتن •• دەستیان دایە کشــانە دواوە و بــەرە بــەرە مەیدانیان چۆڵ کرد بۆ دوژمن هەتا چادری سەرکردایەتیی کەوتە دەست دوژمن و لە بنا هەڵیان کێشا ، خالید کــە بــە

سێ هەزار موسڵمانی پەشۆکاوەوە لە جەنگی «مؤتە» دا ـ بە نەخشە رەنگینەکانی ـ لەشکری زۆر و زەبەندەی رۆمی راونا ، ئەبێ چی‌بێ وا ئەمڕۆ لەشکرەکەی دەستەپاچەی رۆژی نەبەرد بێ ؟!

چ سەربازەکانو چ سەرکردە راچڵەکین .. کەی ئەمە هەڵمەتی موسڵمانە ؟! کەی وا موسڵمان دەستە پاچەی بەردەمی ئاورە ؟! کەی ئەمە هەڵوێست و لێبڕان و ئازایەتیی کۆمەڵی موسڵمانە ؟! ئەوانەی کە بە تەمای بەهەشتن چۆن ئەبێ ئاوا بچنە مەیدانی دوژمنەوە ؟!

موسڵمانەکان سەرنجیان دا ، ئەگەر وا بڕۆن ئاینەکەیان لە تیاچوونەوەنزیکە .. ئەگەر ئەمڕۆ موسەیلەمە سەرکوت نەکەن ، پێویستە دەست لەئیسلامی ئازیزیان بشۆن ..ساڵەهای ساڵە ئازار و ناڕەحەتی ئەچێژن لە پێناوی ئیسلاما، وە خزمەتی قورئانی پیرۆز ئەکەن بەشارەزابوون لە فەرمانەکانیو لە بەرکردنی ، وە خوێنیان ئەڕژێت لەپێناوی ئیسلاما و لەگەڵ پێغەمبەری خۆشەویستی کۆچ کردوودا ماندوو ئەبن و ئارەق ئەڕێژن .. توخوا حەیف نیە ئەمڕۆ

ئەم هەموو هەوڵ و کۆشش و پاداشتەیان بە هیچ دەرچێ ؟!
هەر موسڵمانێ سەرنجی ئەدا ئەیزانی ئەمە شکاندنەوەی ئەو پەیمانەیە کە بۆ ئیسلامی بەستووە .. چۆن ئەبێ ئەو زیندوو بێو ئیسلامی خۆشەویست دەست درێژیی بکرێتە سەر ؟! چۆن ئەبێ ئەو زیندوو بێ و حوکومەتی ئیسلام ـ کە پێغەمبەری خوا دایمەزراندبێ ـ بڕووخێنرێ ؟! .. چۆن ئەبێ ئەو زیندووبێ و پایتەختی ئیسلام و شاری پێغەمبەری خوا ـ صلی الله علیه وسلم ـ بکەوێتە چنگ دوژمن ؟! .. چۆن ئەبێ ئەو زیندوو بێو شەرەفی موسڵمان بکەوێتە ژێر دەستی کافرەوە ؟!

هەر موسڵمانێ سەرنجی ئەدا بۆی دەرئەکەوت ئەگەر ئەمڕۆ لەم جەنگەدا ئیسلام بیدۆڕێنێ حکومەتی ئیسلام کەوتووە و پایتەخت دراوە بە دەست خوانەناسی باشگەز بووەوە . بۆیە هەریەکەیان ئەم بڕیارەی دا کە : مردنی باشترە لەوەی بمێنێ و ئیسلام بە شکاویی ببینێ ..

هەموو موسڵمانێك گیانی خستە ئەولاوە و چاوی بڕیبووە بەهەشتی رازاوە و بەدیدارشاد بوونەوەی پێغەمبەری

نازدار ـ صلی الله علیه وسلم ـ بە سەربەرزییەوە تا شەڕمەزاری دیوانی خوا نەبێ و سەری پێغەمبەری پێشەوای ـ صلی الله علیه وسلم ـ بەرزبکاتەوە ..

خالیدی سەرکردە بۆی دەرکەوت ئەمڕۆ پێویستە ئەرکی سەرشان و لێپرسراویی دابەش بکرێت .. بۆیە موهاجیر و ئەنصارو دەشتەکییەکانی لە یەکتریی جیا کردەوە و هەریەکە لایەکی پێسپاردن و تاهەر یەکە کاری سەرشانی خۆی بزانێ و بەتەمای ئەوانی تر نەبێت ، وەهەر هۆزو بەرەبابێکیشی خستە ژێر ئالایەکەوە . بەمە هەموو کۆمەڵێ ناچار بوو هەوڵی زیاتر بدات و شکانەکە نەخاتە ئەستۆی خۆی ، تا بەبێ هێزو بێ دەسەڵات بەرچاو نەکەوێ ..

بۆجاری دووەم جەنگێکی خوێناویی هەڵی دایەوە .. موسڵمانەکان هەڵمەتی وایان هێشتا نەبرد بوو ، هەموو هێزێکیان خستە کار بۆپشت شکاندنی موسەیلەمە و لەشکرەکەی .. زۆر و زەبەندە لاشەی بێسەر و سەری بێ لاشەی لەشکری دڵڕەش ئەکەوت ، کەچی هێشتا هەر باکیان نەبوو ، وە وەکو شاخی دامەرزاو بەبێ کۆڵدان تا

ئەهات هەڵمەتیان زیاتر ئەبرد •• ئیتر کوژران و زامــدار بوون بە هیچ شێوەیەك کاری نەئەکردە سەر ورەیان ••

هەرچەندە لەشکری موسەیلەمە خاوەنی ورە بوایە و کۆڵی نەدایە ، موسڵمانەکان زیاتر پاڵەوانیەتیان ئەنوانــد •• خۆزگە ئەو پاڵەوانیەتیەی کە لەو رۆژەدا موسڵمانەکان پێی هەڵسان هەمووی کۆئەکرایەوە ئەوسا دەرئەکەوت قارەمانێتیی موسڵمانی بڕوا دامەزراو تا چ رادەیەکــە !! بەڵام لەگــەڵ ئەوەشا پاڵەوانێتیی بەڕائی کوڕی مالیك ناوبانگی پاڵەوانێتیی هەموویانی شاردەوە ••

کاتێ خالیدی ســەر کردە گــەرموگوڕیی جــەنگی سەرنج دا ، ئاوڕێکی دایەوە بۆلای بەڕاء و فەرمانی بە سەرا دا کەوا رووبکاتە موسڵمانەکان و ورەیان بەرز بکاتــەوە ••

ئەویش هەستا و سواری ئەسپەکەی بوو و ســوپاس و ستایشی خوای کرد ئینجا ئاوڕی دایەوە بۆلای ئەنصارەکان و وتــی : ئــەی کۆمەڵی ئەنصــار هیچ کەسێ لەێوە بیر لــە گەڕانەوە نەکاتەوە بۆ مەدینە ، چونکە لەمڕۆ بەولاوە بــە

تەمای مەدینە مەبن •• بەڵكو خوا بە تەنیا بناسن ئینجا بەتەمای بەهەشت بن ••

خوا •• ئینجا بەهەشت •

بەڵێ ، ئەمەیە مەبەستی موسڵمان ••

ئەوەی لەمە زیاتر بە تەمابێ ، ئەوە ئیسلام بەتەمای ئەو نییــە ••

ئینجا خوڕییە ئەسپەكەی و بە توندیی هەڵمەتی بــردو هێرشی كردە سەر هەڵگەڕاوەكان و موسڵمانەكانیش بە دوایا •• شێرانە خۆی ئەكرد بەناو ریزەكانیانا و شمشێری ئەخستە گەردنی پەیمان شكێنەكانەوە •• موسڵمانەكان بە هەموو دەستەو قۆڵەكانەوە ، لەسەر هێرش بەردەوامبوون ، هەتا لەشكری وەك شاخ دامەزراوی موسەیلەمە تەنگی پێ هەڵچنراو زەویی لە ژێر پێیا كەوتە لەرزە ، ئینجا دوای كوژران و زامدار بوونێكی زۆر ناچار بوو پەنا بەرێتە بەر ئەو باخچەیەی لەو رۆژەوە بە دواوە ناو نرا « حديقة الموت » واتە : باخچەی مردن ، بە هۆی كوژرانی خەڵكێكی زۆرەوە تیایــا ••

لەکاتێکا کە لەشکری موسەیلەمە ئەشکاو ئەکشـــایە دواوە ، بەڕاء تووشی پیاوێك بوو کە پێ‌ی ئەووتـرا « محکـم الیمامە » شیرێکی لێ دا و کوشتی و شمشێرەکەی مەحکەمی هەڵگرت و هەربەو جەنگی ئەکرد تا بە دەستیەوە شـکا ..

لەریوایەتێکی ترا بەڕاء ئەگێرێتەوە ئەڵێ :

ڕۆژی جەنگی یەمامە تووشی پیاوێك بووم کە پێیـان ئەوت : « حمار الیمامە » کەوا پیاوێکی زلەی کەڵەگەت بوو و شمشێرێکی سپی بە دەســتەوە بوو ، شمشێرێکم بـۆ داهێنایەوە دام لـە هەردوو پێ‌ی ، ئەوەندە خێرا هەردوو کیانی بڕی هەروەك نەمپێکابێ . خێرا شۆڕ بوویەوە و کەوت بـە پشتا ، منیش شمشێرەکەیم لێ گرت و شمشێرەکەی خـۆمم کردەوە بەکێلانا تا هێنەکەی ئەو نەشکا ئەمم بە کارنەهێنا ..

باخچەکە زۆر گەورە بوو .. دیوارەکانی بــەرز و سەخت بوون .. تۆبڵێ قەڵایــەکی ســـەخت بـوو .. موسەیلەمەو پاشماوەی لەشکرە هەزار بە هەزارەی شکاوەکەی، خۆیان گەیاندە باخچەکە و دەرگاکانیان لەسـەر خۆیـــان

قایم کردو دیواره بەرزە سەختەکانیان کردە سەنگەرو کە موسلمانەکان شوێنیان کەوتن و گەمارۆی باخچەکەیان دا • دەستیان دایە تیر باران کردنیان ••

موسلمانەکان چەند خۆیان ماندوو کرد سوودێکی نەبوو دەرگای باخچەکە بە توندیی گیرابوو و دیوارەکانیش بەرز بوون ••

موسلمانەکان چاریان نەما •

دوای چ هەوڵ و کۆششێکی زۆر توانییان لەشکری دوژمن راونێن ، کەچیوا خۆی گەیاندە ئەم قەڵا سەختە و خۆی لە چنگیان داماڵی •• بەڵام ئەمان وا لێنەبڕابوون بە هیچشێوەیە دەست بەرداری موسەیلەمە بن ، چونکە موسەیلەمە ئێستە وەك ماری سستی زستانە و توانای دەست وەشاندنی نیە ، بەڵام کە ماوەی دراو بەهاری لێهات دەستی خۆی بەوپەڕی نیازپیسییەوە ئەوەشێنێ •• چونکە ئەوەی ئەو نیازی بوو کوژاندنەوەی رووناکیی ئیسلام بوو •• ئەوەی ئەو بەرچاوی گرتبوو جێگەگرتنەوەی پێغەمبەری ئیسلام

بوو •• جا که ئێستە وردەی بەرداوە و تیاچوونی بەرچاو گرتووە چاك وایە دەست بەرداری نەبن ••

دەی موسڵمانەکان خۆ دارو بەردنین •• ئەوانیش مرۆڤن •• گۆشت و خوێنن •• بەچەکی ئەو سەردەمەوە چی بکەن لەو قەڵا سەختە ؟!

چیئەکەن بیکەن • ڕێگایەو وا لەبەر دەمیانا •• بانگی خوایە و هیچ کۆسپێك نابێ ڕێگای لێبگرێت شاخی سەختیش پێویستە تەخت بکرێت •• وازهێنان بۆ موسڵمان نیە بەڵکو ئارام گرتن •• بیرکردنەوە •• هەوڵدانی بێ وچان •• ڕەزامەندیی و فراوانیی دڵ و دەروون •• چوون بەپیری مەرگەوە بەوپەڕی سنگ فراوانییەوە • کاری سەرشانیانە •• کومەڵی موسڵمانی دڵبەستراو بەخواوە •• وەئیشکەر لەبەر ڕەزامەندیی خوا •• خوای گەورە دەرووی لێ ئەکاتەوە •• پشتگیریی ئەکا • چۆن ؟! بەشێوەیەکی بیرێ نەکراوە •• بەهەنگاوێ تائێستە کەسێ نەینابێ •• کلیلی دەرگای داخراو پێشکەش بە کۆمەڵی موسڵمان ئەکرێت ••

بەڵام چۆن ؟
بە فیداکاریی ••
بە قوربانیی دان ••

پاڵەوانی خۆنەویست ، بەڕائی کوڕی مالیك هاتە پێشـــەوە ••

بۆ خۆ بردنە پێشەوە ؟!
بۆخۆ هەڵکێشان ؟!
بۆ پایە و کورسیی ؟!

نەء •• نەء •• بۆ ئەمانە و هاوچەشنانیان ئەم بێزی نایە بێتە پێشەوە •• ئەمانە کاری پاڵەوانێن •• ئەمانەهاوشانی بیری بەرز و پیرۆزی ئەو نین !

بۆ فیداکاریی •• بۆخۆنەویستن •• بۆچاونەترسان•• بۆکردنـەوەی گـرێکوێـرەی دڵی موسڵمانەکـان •• بۆپانکردنەوەی سەری ڕەشماری ناوکون ••
بەڵام چۆن ؟!!
هاتە پێشەوە و وتی :

ئەی برایانم ! بمخەنە سەر قەڵغانێك و بە نێـــــرە قەڵغانەکە بەرزکەنەوە ، ئینجا لەنزیـك دەرگاکە دا بمخەنـە ئەودیوی باخچەکەوە ، یاشەهید ئەبم وەیا دەرگاکەتان بـــۆ ئەکەمەوە !

بەم ئاسانییە !!
یا شەهید ئەبم !
وەیا دەرگاکەتان بۆ ئەکەمەوە ! .

شەهید ئەبم .. ئەم گیانەی چەند بەئاسایی ئامادە ئەکا بۆ بەخت کردن ؟!

موسڵمانەکان کە گوێیان لە وتەی فیداکاری خـواناس بوو ، دەوریان لێ داو ئەویش ئەوەندە چاو بنێی بە یـەکا لە سەر قەڵغانێك دانیشت .. ئەوەندە گەورە و کـەڵـەگـەت نەبـوو ، بەڵکـو بچـووك و لـەش لاواز بـوو .. خێـرا موسڵمانەکان بەرزیان کردەوە .. بەڵام دیوارەکـان بـەرز بوون .. بە دەیان رمیان دایە ژێر قەڵغانەکە و خســـتیانە ناو باخچەی مردنەوە .. ناو قورگی مردنەوە ..

دابەزیبە ناو لەشکری هەزار بە هەزاری ناو باخچەکـەوە .. هەرووەك چۆلەکەیەك بکەوێتە خوارەوە .. ئەم هەزارە لاوازە لە کوێوە باریوە ؟! ئای هەزار !! ئەبێ ئەم بەرگەی چی بگرێ ؟! بۆچیی هاتووە ؟!

پاڵەوانی بەغیرەت بە وێنەی هەورەتریشـــقە دای بــە سەریانا بەرەو دەرگا هەڵمەتی نـەداو دوای بگــرەو بەردە و زۆرانبازیەکی زۆر (دە) کەسی لێ کوشتن . تا گەیشـــتە لای دەرگاکە کردیەوە .

دەرگای کردەوە .. بەڵام دوای چیی ؟

دوای ئـەوەی لەهەشتاو ئەوەندە شوێنەوە بەتیرو شیر زامدار کرا ..

هەرچۆنێ بوو خۆی گرت هەتا گرێکوێرەی دڵـــی موسڵمانەکانی پشت دەرگا ـ بەڵکو هەموو موسـڵمانێك ـ ی کردەوە ..

موسڵمانەکان شاڵاویان هێناو بەکۆمەڵ لەدەرگاوە چوونە ژوورەوە ، جا لەبەر ئەوەی دەرگاکە رێگای هەمووانی نەئەدا

و ئەوانیش پەلەیان بوو ، بەسەر دیوارا سەرکەوتن بووە شتێکی ئاسایی بە لایانەوە ئینجا بکوژو ببڕیان خستە لەشکری پەیمان شکێنی ئاژاوەچییەوە ، تا نزیکەی بیست هەزاریان لێ کوژرا لەگەڵ ئەمەشا هێشتا هەر کۆڵیان نەئەدا .. تاگەیشتنە لای موسەیلەمەی درۆزن وئەویشیان بە دۆزەخ گەیاند.. ئیتر بە کوژرانی دەستبڕی ساختەچیی ، لەشکر پشتی لە جەنگ سارد بۆوە وازی هێنا ..

پاڵەوانی نەبەزیش ، بەڕاء ، بەوهەموو زامانەوە برایەوە دوا بۆ شوێنی خۆی تا تیایا تیماری زامەکانی بکرێت ..

ماوەی مانگێ بە دەست ئێش وئازاری زامەوە ئەتلایەوە تا خوا چاك بوونەوەی خەڵات کرد ..

ئازیزی وا .. پاڵەوانی وا .. رزگارکەری وا .. کوفرشکێنی وا ، زۆر لای موسڵمانەکان وسەرکردەیان خۆشەویست و ناوازە بوو .. زۆر پێویست بوو سەرو کاریی زیاتر بکرێت .. بۆیە خالیدی سەرکردە سەرانسەری ئەو مانگەخۆی بە دیاریەوە دانیشت تا سەرپەرشتی

تیمارکردنەکەی بکات ..

بەڵێ ئازیزەکانم ، بەم شێوەیە بانگی پڕوباڵانتەی موسەیلەمەی درۆزن ـ ئەگەرچی بە کورتە باس کرا ـ کوژایەوە .. کوژایەوە .. بەڵام دوای چیی ؟!

دوای هەڵگەڕانەوەی خەڵکێکی زۆر لە ئیسلام کە هێشتا بە وردیی لە فەرمانەکانی شارەزا نەبووبوون ؟ دوای ئەوەی خەڵکێکی زۆری بەفڕو فێڵ خستەشوێنی خۆی و بەشێکیانی دا بە کوشت ؟ دوای ئەوەی تەنگ و چەڵەمەیەکی زۆری بێ مانای بۆ لەشکری ئیسلامیی هێنایە کایەوە ؟ دوای ئەوەی بەشێکی زۆر لەو موسڵمانانەی کە قورئانیان سەرانسەر لەبەر بوو شەهید کران ؟ دوای ئەوەی هێمنیی و ئاسایشی لە ناوچەیەکی گەورەدا پێچایەوە ؟ وە دوای ئەوەی ڕوورەشیی و شەرمەزاریی هەردوو جیهانی هێنا بەسەر خۆیا و دۆزەخی تاودراوی بۆ خۆی ساز کرد ؟ .

هەمیشە و بە درێژایی مێژوو .. یاخی بووان و چاوچنۆکان و شوێنکەوتووانی ئارەزوو ، بەم شێوەیە ئاژاوە

بەرپا ئەکەن •• بە ساختە و بە پاگاندەی نابەجێ خۆیـــان ئەکەنە پاڵەوان و سەردار ـ لە ژێر هـــەر ناوێکـا بێت ـ وە هەزارو داماوان قوڕبەسەر ئەکەن ، دوایش ئابڕووی خۆیان ئەبەن و ئەبنە پەندی زەمانە ••

چاك وایە بەشێوەیەکی گشتیی باسیان بکەین چونکە :
یەکەم : ئەوەندە زۆرن لە ژمارە نایەن ••

دووەم : ئەوەندەش نازین خۆمان بە ناوبردنیـــانەوە خەریك بکـــەین ••

بێجگە لەوانەی بە دڵ و بە گیان بۆ خوا هەوڵ ئەدەن؛ چی ئادەمیـــزاد وا لەم سەر زەویەدا هەمووی لـــەم پێڕەیـــە هەرکەسە بەپێی پلە و پایەی خۆی ـ ئەمانەش مەبەســـتی راستەقینەیان پایەو کورسیی و رابواردن و ناوبانگە • لەژێر هەر ناوێکا خـــەڵك بانگ بکـــەن ، بانگەکەیـــان بانگەکـــەی موسەیلەمەیەو نیازەکەیان نیازەکەی ئەوە و ســـەرەنجامی خۆیان و شوێنکەوتووەکانیشیان هەر هەمان سەرەنجامە ••

بەرەو ئاواتی موسوڵمان

بەڕائی خۆنەویست •• بەڕائی پاڵەوان •• وەك بووە هۆی رزگارکردنی ئاینی ئیسلام لە مەترسیی بانگی ساختە و رووکەش ، لەو لاوە گرێ‌کوێرەیەك لە قوڵایی دڵیا بە بێ چارەسەر مابۆوە ••

ئەو گرێ کوێرەیەش بەدی نەهاتنی ئاواتەکەی بوو •• ئاواتی شەهید بوون ••

داخۆ کە ئیسلام سەرکەوتووە ئەبێ بۆچ حەزلە شەهیدیی بکا ؟

پێش هەموشتێك وشەی •• «شەهید» وشەیەکی ئیسلامیە •• جگە لە ئیسلام نابێ هیچ بیروبارەڕێ بەکاری

بێنێ ، چونکە بەکارهێنانی کارێکی ناڕەوایە و پێچەوانـــەی ڕاستییە ، بەدزی‌دائەنرێت ..

ئەو موسـڵمانەی کـە یەکـەم ڕۆژ دێتـە ڕیـزی موسڵمانەکانەوە و بە دڵ و بە گیان دەری ئەبڕێ و ئەڵـێ :
(أشهد أن لا الا الله وأشهد أن محمدا رسول الله)..

ئەوە شایەتی داوە کەوا تەنها گوێڕایـەڵی فـەرمان و یاسای خوای گەورەیە کە بە موحەممەدی کوڕی عەبدوڵلا دا ناردوویەتی بۆ حەسانەوەی ئادەمیزاد • دەربڕینی ئـەم شایەتییە هەر لە یەکەم ڕۆژیا پێویستی بەکـردار هـەیە .. چونکە ئەم ڕێبازە خوایی‌یە پێویستی بەجێ بەجێ کردن هەیە لە ژیانی مرۆڤدا .. کـەواتە پێویسـتی بـە ئیش هـەیە .. پێویستی بە جیهاد هەیە .. پێویستی بە ئارام و بەرگەگرتن هەیە لەبەردەم شالاوی ئێش و ئازارو ستەمی نەفامیدا! .. وە پێویستی بەهەوڵ و تێکۆشان هەیە تا هـەموو ئادەمیـزادێکی ئەم سەر زەویـیـە ئاگادار بکـرێ و لە فەرمانـە بەرزەکانـی شارەزا بێ ، تا بە ویستی خۆی بیر بکاتەوە بۆ شوین کەوتن وەیـا نەکەوتنی ..

کەواتە هەموو موسڵمانێ پێویستە هەتا ئەتوانێ ئیسلام لەژیانی خۆیا جێبەجێ بکاو ـ بە رێگەیەکی شەرعیی ـ بگەیەنێ بە مرۆڤایەتیی .. جا هەر کاتێ بەم کارە هەڵسا ئەوسا واتای شایەتی دانەکەی بەجێ هێناوە ؛ ئەگینا درۆیەکە و لەگەڵ خوادا ئەیکات ! .

دیارە نەفامیش واز لە بانگی ئیسلامیی ناهێنێت ، بەڵکو دژی ئەوەستێ ، بۆیە لەسەر موسڵمان پێویست ـ ئەبێ بچێتە کۆڕی مەیدانی جەنگی خوانەناسانەوە ..
یەکەم : تا بوونی ئیسلامیی بپارێزێ . وە دووەم :
تا گەلە چەوساوەکان لەژێر زۆرو ستەما دەربێنێ ..
دەی کەواتە پێویستی بە سەروماڵ بەخت کردن هەیە..

هەرکاتێ لەم پێناوەدا سەری نایەوە پێی ئەوترێ (شەهید) .. ئەوکاتە مەبەستی وشەی شەهید جێ بەجێ ئەبێ ؛ ئەویش بریتییە لە شایەتیدان بەوەی کە موسڵمان ئەم ئایینەی لە گیانیو سامانی خۆی خۆشتر ئەوێت ، وە ئامادەیە خۆی و بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی بکاتە قوربانیی

بۆ رزگاربوونی ئیسلام ..

موسڵمان کە شەهید ئەبێ ، شایەتیی ئەدا کە ئیسلامی لە خۆی خۆشتر ئەوێت . وە خوێنەکەی بە رژانی شایەتیی ئەدا کە خاوەنەکەی لە پێناوی ئیسلامدا سەری ناوەتەوە ، وە ئەو خۆڵو خاکەی کە خوێنەگەشـــەکەی بە سـەرا رژاوە شایەتیی ئەدا کەوا ئەم موسڵمانە لە پێناوی ئیسلامدا گیـانی لە دەست داوە ..

ئینجا با هەموو مرۆڤایەتیی ـ بە موسڵمان و ناموسڵمانەوە ـ و هەموو دروستکراوەکانی خوا شـایەتیی بدەن کە ئـەم موسڵمانە ئەو شایەتییەی یەکەم رۆژ هات بەدەمیا وا ئێسـتە لە بەرزترین پلەدا کردیە کردار .

بەمە دەرئەکەوێ شەهیدیی بەرزترین پلەیە لە ژیانی موسڵماندا . بەڵام موسڵمان بە دەستی خـۆی نیە . بــەو ئاسانییە دەستی ناکەوێت .. بەڵکو بەپێی هەڵبژاردنی خوایە .. موسڵمان پێویستە بە تەواوەتیی رەزامەندیی خوا بە دەست بێنێ ئەوسا بە تەمای شەهیدیی بێت .. کاتێ ئاواتی شەهیدیی ئەخوازێ ودەستی ناکـەوی ئـەوە بازیاتر ملکەچـی بکابـۆ

فەرمانەکانی خوای گەورە ..

جا ئەوانەی بە جوانیی لە قورئانی پیرۆز شارەزا ئەبن و لەسەرچاوە بێگەردەکەیەوە دڵ و دەروونیان ئێنێك ئەکەنەوە ، ئەوانە پێش هەمووان شەیدای شەهیدیی ئەبن .. ئەوانە نرخی شەهیدیی و پایە و پلەی ئەزانن ..

بۆیە ئەبینین دەست نەکەوتنی شەهیدیی گڕێ کوێرەی دڵی موسڵمانە تێگەیشتووەکانە..بەپێچەوانەی سەرکردەکانی نەفامی‌یەوە ، کە خۆیان لەدواوە مەڵاس دەدەن و هەزارو خەڵەتاوەکان ئەکەنە سووتەمەنیی جەنگ و زۆرانبازیی بیروباوەڕەکانیان ..

ئەم ئاواتی شەهیدیە وا ئەکا لە موسڵمان تا لەگەڵ هیچ زرووفێکدا نەگەڕێ و شێوە ئیسلامی‌یەکەی لەبەر چاوی مرۆڤایەتیی ناشیرین و ریسوا نەکات .. وە پاکی لە خەشم و قینی هیچ دەسەڵاتێکی نەفامیی نەبێ .. بەپێچەوانەی هەڵگرانی بیروباوەڕە پووچەڵەکانی شەیتانەوە کەوا لە کوێ با بوو لەوێ شەن ئەکەن و هەر ساتێ تا ساتێ دەم و چاویان بە بۆیەی زرووفێك دەرئەخەن .. ئەوانە خۆشیان و

بیروباوەڕەکانیشیان ئەوەندە سووکن حەیفیان لێ دێ بچووکترین ناڕەحتیان بێتە ڕێ لە سەریان ..

بەڵێ ، بەڕائی تێگەیشتووی قورئانیش لە جەنگی یەمامەدا گرێ کوێرەکەی دڵی نەکرایەوە ، بۆیە بە ئاواتی شەهیدیەوە لە هەموو جەنگێکی ڕزگاریی ئیسلامیدا بەشداریی ئەکرد تا بەڵکو دەستی کەوێ و بە سەر بەرزیەوە بە دیداری پێغەمبەری پێشەوای ـ صلی الله علیه وسلم ـ شاد بێتەوە ..

بەڕاء زۆر بە تەمای شەهیدیی بووە . ئەوەتا ئەنەسی برای ئەگێڕێتەوە ئەڵێ : چوومە ژوورەوە لای بەڕائی کوڕی مالیك خەریك بوو هەڵبەستی بە ئاوازەوە ئەخوێندەوە . ووتم: براکەم خەریکی هەڵبەست بە ئاوازەوە ئەخوێنیتەوە خواش لەوە چاکتری بۆ بڕیارداوی کە قورئانە .. وتی : ئایا ئەترسی بە سەر جێگاوە بمرم [واتە : شەهید نەبم] کەوا بە تەنیا صەد کەسم کوشتووە جگە لەوانەی کە بەشداریم لە کوشتنیانا کردووە ؟ تکا کارم خوا ئەوەم لەگەڵا نەکا ..

هەروا بەردەوام بوو لە سەر جیهاد کردن هەتا ئـــەو ڕۆژەی لەشکری ئیسلامیی خەریکی ڕووخانـدنی ڕژێمـی ساسانیی بوو لەئێرانا و گەیشتبووە نزیك شاری « توستەر » کە لەشکری موسڵمانەکان نزیك کەوتەوە ، خوانەناسەکان لە یەکێ لە قەڵا سەختەکاندا سەنگەریان گرت بەیازی ئـەوەی لە دەستی هێزی ڕزگاریخوازی ئیسلامیی ڕزگاریان بێت ..

دیارە میللەتی داماویش ـ بە وێنەی هەموو میللەتێکی تری چاو بەستراو ـ پڕوپاگاندەی زۆر ئەدرا بە گوێیا لـە دژی ئیسلام و موسڵمانەکان تا بە کوێرانە خۆی بکاتە کوتەکی ناو چڵکاو .. تا خۆی بکاتە قەڵغان بۆ پارێزگاریی پایـــەی بۆشی نەفامیی .. میللەتی هەژار کە دەروونی ڕزگار نەکرا، هەمیشە ئاوا بە دەستی خۆی چاڵ بۆ خۆی هەڵئەکەنێ .. خۆی ئەبێتە دوژمنی خوێنمژی خۆی ..

ساسانیەکان خۆیان قایم کرد .. گوایە با دوژمن زاڵ نەبێ بە سەریانا .. موسڵمانەکانیش بە وێنەی پرێشـــــکی لێزانی دڵسۆز باکیان لە تەلای سەخت نەبوو ، چونکـە بـە

پێویستیان ئەزانی هەموو کۆسپێك لە بەر دەمیانا لابــەن ..
جا ئەوانیش کە بە شێوەی نەخۆشێکی ساویلکـە نرخـی
دەرمانی دەردەکانی خۆیانیان نەئەزانی ، ئەبێ وازیان لـێ
نەهێنرێ تا ئەوانەی دەرمانەکە بە خراپ ئەخەنە پێش چاویان
لە ناو ببرێن ، ئینجا بە جوانیی لەسوود و کەڵکە جـۆر بـە
جۆرەکان ئاگادار بکرێن وهەر لەبەر بەرژەوەندیی خۆیـان
پێشکەشیان بکرێت .. موسڵمانەکان بۆ رماندنی قـــەڵای
ستەمکاریی گەمارۆی قەڵایان داو لە هەر چوارلاوە تەنییان ..
فارسەکانیش ، بۆ پارێزگـاریی دوژمنی هـەزار ساڵەیان ،
قەڵایان کردە سەنگەر .. بەم شێوەیە بوونە دوژمنی خۆیان
و دژی دۆست خوای چاکویست وەستان !!

کاتێ گەمارۆدان درێژەی کێشا ، ساسانییەکان ناچـار
بوون فێڵی جۆر بە جۆر بە کار بێنن دژی موسڵمانەکان ..

یەکێ لەو فێڵانە ئەوە بوو زنجیرە ئاسنی ئەستووریان
شۆڕئەکردەوە دوای ئەوەی قولاپی لە پۆڵا دروستکراوی وەك
پشکۆ سوورەوە کراویان پیا هەڵئەواسی ، ئەم قولاپانەیـان

ئەهاویشتە خوارەوە تابچەقێت بەلاشەی موسڵمانە گـــەمارۆ دەرەکاناو پیایانا بنووسێت و ئینجا رای کێشنە ســـەرەوە بە مردوویی بێت یا بە نیوە مردوویی ..

خوای گەورە وای رێکخست لاشەی ئەنەسی بـــرای بەڕاء نووسا بە یەکێ لەو قولاپە سوورەوە بووانەداو خەریك بوو بەرز بکرێتەوە بۆ سەر قەڵاکە .. هەرکە بەراء ئەمەی دی خێرا خۆی هەڵدایە سەر شوێنێکی دیواری قەڵاکەو توند زنجیرە ئاسنەکەی گرت تارای نەکێشنە سەرەوە و کـــەوتە هەوڵدان بۆ دەرهێنانی قولاپەکە لە لاشەی ئەنەسدا ، بەمـە دەستی بەگەرمای زنجیرو قولاپەکە ئەسووتاو دووکەڵـــی ئەکرد ، بەڵام گوێی نەدایە ئەمە هەتا براکەی رزگـار کـرد و دایگرتە زەویی .. دەستی بەرنەدا هەتا هاتە خـــوارەوە سەیر ئەکا جگە لە ئێسقانی رووت گۆشتی پێوەنەماوە ..

پاڵەوانی بە جەرگ ناچار بوو ماوەیەکی تر بە تیمارو چارەسەریی دەستەکەیەوە بەرێتە سەر تاخوای گەورە چاکی کـــردەوە ..

بەڕاء ئەو هەموو ئێش و ئازارە چووە دڵیەوە وبێوەی ئەتلاوە ، کەچی هێشتا هەر شەهیدیی لەیاد بوو .. سانێ لـە بیری نەئەچوو .. ئەو هـەموو جەنگانـەی کـرد بە ئاواتی شەهیدیەوە ..

جا بۆچ ئاواتی شەهیدیی نەخوازێ .. وەنەبێ هەوڵ و کۆشش و جەنگ و هەرای بۆ ژیانی ئـەم سـەر زەویـە بووبێ !

وە نەبێ بەرزەوەندیی تایبەتیی باڵی پێوە نابێ ..
وەنەبێ رابواردنی ئەم ژیانەی بەرچاو گرتبێ !
وەنەبێ لەسایەی ئیسـلاما دەستی خەڵکی بڕیبێ و تەلار و مۆبیلاتی جۆربەجۆری پێکەوە نابێ !

وەنەبێ خزمەتی دەسەڵاتی نەفامیی رۆژگاریێ کردبێ تاخێرو بێری بڕژێنێ بە سەراو بە مروفێل لەسـەر حسابی ئاینەکەی دەست بخرێتە سەر سنگ بۆی !!

وەنەبێ پارەو سامانی کۆکردبێتەوە حەزبکابمێنێ تـا تـەواوی کـا !

تا زووتر ئەم ژیانە بەجێ بێڵێ درەنگە •• تا زووتر بەدیداری پێشەوای خۆشەویستی ـ صلی الله علیه وسلم ـ شاد بێتەوە درەنگە •• چونکە ئەم جیهادی بۆ بەهەشت کردووە •

ئەوانەی کە ئەیانەوێ موسڵمان بن و بیروباوەڕی ئیسلامیی هەڵگرن ، وە ئەیانەوێ گیان و سامانیان لە مەترسیی لادەن ، ئەوانە باچاك بزانن ئەگەر نیازیان نیە لە پێناوی ئیسلاما سەروماڵ بەخت کەن ، با ئەوانە زوو بە زوو دەست لە ئیسلام بشۆن ، با نە بەتەمای موسڵمانێتی بن وە نە بە تەمای بەهەشت بن ، چونکە هەرچی موسڵمانە سەرو ماڵی فرۆشتووە بەخوا و خواش کڕیویەتی ـ نەك ئەیکڕێ ، بەڵکو کڕیویەتی و لێ بۆتەوە ـ و لە پاداشتیا بەهەشتی بۆ ئامادە کردووە •• ئەها قورئان ئەفەرموێ : « ان الله اشتری من المؤمنین أنفسهم وأموالهم بأن لهم الجنة»(١) •

بەڕاء ڕۆژ بە ڕۆژ ئارامی کەمی ئەکردو زیاتر دڵی ئەگرا بۆ شەهیدیی •• ئەوانەی شارەزای ئیسلام نەبن بە

لایانەوە سەیرە مرۆڤ ئاوات لە مـردن بخوازێ •• بـەڵام موسڵمانی تێگەیشتوو ، زیاتر لە حەزی کافران بۆ ژیـان ، حەزی لەشەهیدییە !

هەروا جەنگ بەردەوام بوو ، بـەڵام بتپەرسـتان خەریك بوون هێزیان سەندبوو و موسڵمانەکانیان ناڕەحـەت کردبوو • بە بەڕائیان وت ئەی بەڕاء ، پێغەمبـەری خـوا ـ صلی الله علیە وسلم ـ فەرموویە : ئەگەر تۆ لە پەروەردگارت بپاڕێیتـەوە بـێ دڵیت ناکـا ، دە لـێی بپاڕێـرەوە •• ئەویش وتی : خوایە لێت ئەپاڕێمەوە پشتیان بدەین بەزەویدا و منیش [بەشەهیدیی] بگەیەنی بە پێغەمبەرەکەت ـ صـلی الله علیە وسلم ـ ••

بەم شێوەیە لەخوا پاڕایەوە تا شەهیدیی خەڵات کـا دوای سەرخستنی موسڵمانەکان •• ئینجا هێرشی بردە سەر دوژمنان تا وورەی موسڵمانەکان بەرز بێتەوە و هێزی کافـری دڵڕەش بە لایانەوە هیچ نەبێت ئەوە بوو سـەرەنجام خـوا

پشتی کافرانی دابه زەویدا و شەهیدیشی خەڵاتی بەڕاء کرد ..

بەڵێ ئازیزەکانم ، بەڕاء بە ئاوات گەیشت .. شەهید بوو .. سەربازی خۆنەویست ئامانج و ئاواتی سەربازی موسڵمانی بۆ مرۆڤایەتیی دەرخست ، تا هەموو سەرزەویی و دروستکراوەکانی خوا بزانن هەوڵ و کۆششی موسڵمانان بۆ ئەمەیە و بەس .

بەمە بەڕاء یەکێکە لەوانەی کە گیانی خۆی فرۆشت بەخوا تا بەو هۆیەوە وڵاتان بە رووناکیی قورئان ئاوەدان بکرێنەوە و گەلە چەوساوەکانیش لە بت پەرستیی و ئاگرپەرستیی و مرۆڤ پەرستیی رزگار بکرێن و بێنە ژێر بەیداخی خواپەرستیەوە بە تاک و تەنیا ..

بەم شێوەیە پاڵەوانی ئازا ، لە خاکی ئێراندا بە شەهیدیی سەری نایەوە ، دوای ئەوەی بەشدارییەکی پیاوانەی کرد لە کوژاندنەوەی ئاگری ئاگرپەرستاندا ..

به شەهیدیی سەری نایەوە تا سەری خۆیشی و ئیسلامیش و پێغەمبەری نازداریش ـ صلى الله عليه وسلم ـ بەرز کاتەوە ..

خوا لێی رازیی بێت ..

وآخر دعوانا أن الحمد لله رب العالمين ...

سەرچاوەکان

پەڕاو	نووسەر
ـ فی ظلال القرآن	سید قطب
١ ـ الاصابة	ابن الحجر
٢ ـ الاستيعاب	ابن عبد البر
٤ ـ صفة الصفوة	ابن الجوزى
٥ ـ حلية الاولياء	الاصبهاني
٦ ـ حياة الصحابة	الكاندهلوي
٧ ـ صور من حياة الصحابة	عبدالرحمن الباشا
٨ ـ أسد الغابة	ابن الاثير

ئەم نامیلکەیە

• شتێك لە هەوڵ و کۆششی موسڵمان پیشان ئەدات کە بریتییە لە بەرچاو گرتنی بەرژەوەندیی گەلە چەوساوەکان و رزگارکردنیان لە چنگی ستەمکاروخوێنمژان ، بە پیچەوانەی هەموو هەوڵێکی ترەوە کە هەموو مەبەستێکی خۆ پەرستیی تیا بەدیی ئەکرێ •

• ئاوات و مەبەستی سەربازی موسڵمان پیشان دەدات، کە چۆن هەموو ژیانی تەرخان ئەکا بۆ ڕەزامەندیی خواو رزگارکردنی ئادەمیزاد بە نیازی وەرگرتنی پلەی شەهیدیی و گەیشتن بە بەهەشتی بەرین ••

٢٠٠